# خۆشەویستی دایک و باوک
## لە دروشمەوە بۆ ڕاستی




نووسینی:
عادل حەیدەری

بەکوردی کردنی:
میلاد نەجیم پیرانی

# خۆشەویستی دایك و باوك

# لە دروشمەوە بۆ ڕاستی


نووسینی:

**عادل حەیدەری**

بەکوردی کردنی:

**میلاد نەجیم پیرانی**


٢٠٢١

بسم الله الرحمن الرحیم

# پێشەکی:

ئامانج لەم نوسینە بریتییە لە ڕاستکردنەوەی تێگەیشتنێکی هەڵە لەناو کۆمەڵگا، وەستانێک بەمەبەستی لێپرسینەوە لە خومان، خودی خوم یەکەم کەسم کە پەند وەردەگرم لەم نووسینە.

بە هـاتنی رۆژی دایـک و بـاوک تـۆرە کۆمەڵایەتیەکـان پـڕ دەبـن لە وێـنەی ئەو دایـک و باوکــانەی کە مەینەتــی و ئــازاری چەندســاڵە وای لێکــردووون کە تەنهــا جەســتەیەکی لاوازیـان لـێ مـاوەتەوە یـان ئەو دایـک و باوکـانەی کە مـردوون و تەنهـا رۆژێـک لە سـاڵ تایبەتکراوە بۆ یادکردنەوەیان .

کەسـێک بـۆ وەسـفی دایـک و بـاوک هـۆنراوە دەنووسـێ و کەسـێکی تـر دیارییـان بـۆ دەبات و ئەوی تر  پیرۆزباییان لێ دەکات.

بەڵام ئایا ئێمە بەڕاستی مافی دایک و باوکمان زانیوە؟

ئایا پیاهەڵدانی دایک و باوک لەلایەن خەڵکەوە ڕاستە یان تەنها قسەیە؟

لەم نوسینە ئاماژە بەچەند خاڵێک دەکەین کە ڕێنمویی موسوڵمانان دەکات بۆ سەرزەنشتکردنی نەفسی خۆیان.

## خاڵی یەکەم: واجبە مرۆڤ لەگەڵ دایک و باوکی باش بێت

چـاکەکردن لەگەڵ دایـک و  بـاوک وەســیەتی خودایە. خودای گەورە دەفەرمـوێـت:﴿ وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حُسْنًاۖ ﴾ الـعـنـكـبـوت:٨ واتە: وە فەرمانمان داوە بە ئادەمی کە چاکە لەگەڵ دایك و باوکی دا بکات.

بۆیە گوێرایەڵی نەکردنی دایـک و بـاوک ســەرپێچیکردنی وەســیەتی خودایە. ئایا چەند کەس لە ئێمە کاتێک فەرمانێکمان پێدەگات لەلایەن دایک و باوکمان، ئەو هەســتەمـان لا دروســت دەبێت کە گوێرایەڵی نەکردن لە فەرمانی دایک و باوک شکاندنی وەسیەتی خودایە ؟

## خاڵی دووەم: مافی دایك و باوك

لە قورئاندا مافی دایک و باوک لەگەل یەکتاپەرستی هاتوە و سەرپێچی کردنیان لەگەڵ هاوەڵدانان بۆ خودای گەورە هاتووە. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱخۡفِضۡ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحۡمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرٗا ٢٤ ﴾ الإسراء: ٢٤ واتە: باڵی خۆ بەکەم زانینیان بۆ ڕابخە لەبەر بەزەیی و میهرەبانیت پێیان بڵێ ئەی پەروەردگارم ڕەحمیان پێ بکە هەر وەك چون ئەوان منیان پەروەردەکرد بە منداڵی.

زۆربەی زانایان لەگەڵ ئەوەدان کە سەرپێچی کردنی فەرمانی دایک و باوک لەدوای هاوەڵدانان بۆ خودای گەورە گەورەترین گوناهە، واتە گەورەترە لە ریبا و زینا و مەی خواردن و دزیکردن و کوشتن و هتد...

ئایا تا چەند ئەو هەستەمان لا دروست دەبێت کە توشی گوناهێک بوینە کە خودا ئەو گوناهەی لە ڕیزی هاوەلدانان داناوە کاتێك کەوا سەرپێچی دایک و باوکمان دەکەین؟

گوناهێک گەورەتر لە ریبا و زینا و مەیخواردن و دزیکردن و کوشتن وهتد...

## خاڵی سێیەم:سوپاسگوزاری دایك و باوك

خودای گەورە لە قورئاندا باسی سوپاسکردنی خۆی لەگەڵ سوپاسکردنی دایک و باوک کردووە. خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَوَصَّيۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيۡهِ حَمَلَتۡهُ أُمُّهُۥ وَهۡنًا عَلَىٰ وَهۡنٖ وَفِصَٰلُهُۥ فِي عَامَيۡنِ أَنِ ٱشۡكُرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيۡكَ إِلَيَّ ٱلۡمَصِيرُ ١٤ ﴾ لقمان: ١٤ واتە: وە فەرمانمان داوە بە ئادەمی بە چاکی هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ دایك و باوکی دا، دایکی هەڵی ئەگرێ بە دووگیانی (پێ ی لاواز دەبێ) لاوازی لە دوای لاوازی و بڕینەوەی لە شیر لە (دوا تەمەنی) دوو ساڵیەوە (وە فەرمانمان بە ئادەمی دا) کە سوپاس گوزاری من (خوا) و باوك و دایکت بکە تەنها بۆ لای منە گەڕانەوەتان.

## خاڵی چوارەم: مرۆڤ مولکی دایك و باوکیەتی

ئەو هەســتە دەبێـت دروســت بێـت لای مرۆڤ کە خۆی و تەواوی ســەروەتەکەی موڵکی دایک و باوکیەتی و ئەگەر ئەوان نەبانە ئەویش نەدەبوو، پێشــەوا (ئەحمـدی کوری حەنبەل) لە (مســنـد)ەکەیـدا لە (عەبدوڵای کوری عەمری کوڕی عاص)ەوە دەگێرێتەوە کەوا کەسـێک هـات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی ئەی پەیـامبەر کەمێ ســەروەت و ســامـانم هەیە، بەڵام بـاوکم دەیەوێـت دەســتی بەســەردا بگرێـت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (خۆت و سەروەت و سامانت هی باوکتن).

زانایان ئەم فەرمودەیە دەکەنە بەڵگە کەوا سەروەت و سامانی منداڵ بە هاوبەشی هی خۆی و باوکیەتی و باوک مافی هەیە بەبێ مۆڵەت وەرگرتن ســامـانی منـداڵەکەی بەکـاربهێنێت بەمەرجێـک بۆ بەفیرۆدان و کـاری حەرام نەبێت .

چەنـد زۆرن ئەو کەسـانەی کە بە هـۆی بـوونی کێشــە لەســەر پـارە و سامان توشی ئازاردانی دایک و باوکیان دەبن.

## خاڵی پێنجەم:گوێرایەلی کردنی دایك و باوك

دەبێت گوێرایەڵی دایک و باوک بکرێت بەمەرجێک ســەرپێچی فەرمانی خودا نەبێت. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَٰلُهُۥ فِى عَامَيْنِ أَنِ ٱشْكُرْ لِى وَلِوَٰلِدَيْكَ إِلَىَّ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٤﴾ وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا ۖ وَصَاحِبْهُمَا فِى ٱلدُّنْيَا مَعْرُوفًا ۖ وَٱتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَىَّ ۚ ثُمَّ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٥﴾﴾ لقمان: ١٤ - ١٥

واتە: وە فەرمانمان داوە بە ئادەمی (بە چاکی هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ) دایك و باوکی دا، دایکی هەڵی ئەگرێ بە دووگیانی (پێ ی لاواز دەبێ) لاوازی لە دوای لاوازی و بڕینەوەی لە شــیر لە (دوا تەمەنی) دوو ســاڵیەوە (وە فەرمانمان بە ئادەمی دا) کە ســوپاس گوزاری من (خوا) و باوك و دایکت بکە تەنها بۆ لای منە گەڕانەوەتان. وە ئەگەر (باوك و دایکت) ئەوپەڕی هەوڵیان دا لەگەڵت بۆ ئەوەی شتێ بکەیت بە هاوبەشی من کە هیچ زانیارییەکت پێی نییە ئەوە گوێڕایەڵییان مەکە، بەڵام لە دنیادا زۆر بەچاکی هاوڕێیەتیان بکە و شوێن ڕێگای کەسێك بکەوە کە بە دڵسۆزی گەڕاوەتەوە بۆ لای من (لەدوا ڕۆژدا)، گەڕانەوەتان تەنها بۆ لای منە، ئینجا هەواڵتان دەدەمێ بەو کردەوانەی کە کردووتانە.

گوێڕایەڵی دایک و باوک گرینگترین واجبە لە دوای یەکتاپەرســتی و لە پێش هەموو سوننەتەکانە.

پێشـەوا (بوخاری) لە سـەحیحەکەی خۆیدا لە (عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاس)ەوە دەگەێڕێتەوە کە پیاوێک هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا هاتومە بەیعەتت بدەمێ بۆ کۆچکردن و جیهادکردن لەپێناو خوا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئایا یەکێک لە دایک و باوکت زینـدوون؟ پیـاوەکە وتی: بەڵێ هەردووکیـان زینـدوون، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بگەڕێوە بۆ لایان بە خزمەتکردنیان جیهاد بکە.

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە پیاوێک وتی ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە یەمەنەوە بۆ بەیعەتدان و جیهاد هاتووم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا دایکت زیندووە؟ وتی: بەڵێ. پێغەمبەر فەرمووی: (إلزم رجلها فإن الجنة ثم) واتە: خۆت بە پێیەکانیەوە بلکێنە بەهەشت لەوێیە.

زۆرێک لە زانایان بە بەڵگەی فەرموودەکانی سـەرەوە گوێڕایەڵی دایک و باوک بە شێوەیەکی تەواو بە پێش سونەتە نەوافلەکان دەخەن.

(وەیسی قەڕەنی) لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باوەڕی بە ئیسلام هێنـا، ویســتی بڕوات بۆ مەدینە تـا چـاوی بە روخســاری پەیـامبەر موحەممەد (ﷺ) بکەوێت، بەڵام دایکێکی پیری هەبوو کە بێجگە لە (

وەیس) کەسـێکی تری نەبوو خزمەتی بکـات، بۆیە وەیس تووشـی دوودڵیەکی سەخت بوو لەلایەک حەزی بینینی پەیامبەر و بەدەستهێنانی

پـلەی هـاوەڵایەتـی پـێـغەمـبەر(ﷺ ) و لەلایەکـی تـریـش هەسـتـی بەرپرسـیارەتی خزمەتکردنی دایکی، پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر وەیس لە نێوان خزمەتکردنی دایکی و دیداری پێغەمبەر(ﷺ ) خزمەتکردنی دایکی هەڵبژارد، خودای پەروەردگـار لە رێگەی سرووشـەوە ئەو چیرۆکەی گەیاند بە پێغەمبەر (ﷺ ) و پێغەمبەر(ﷺ ) فەرمووی: باشـترین کەس لە نەوەی دوای هاوەڵەکان کەسـێکە بەناوی وەیسـی قەرەنی، کە زۆر چاکەکـار بوو لەگەڵ دایکی، هەرکـاتێـک وەیسـتـان بینی داوای لێبکەن بۆتان بپارێتەوە لە خوا، چونکە دوعای ئەو رەتبوونەوەی نیە.

(محمـد بن المنکـدر) دەفەرموێـت: شـەوێکی تەواو خەریکی مـاڵینی پێیەکانی دایکم بووم، هەروەها براکەم (عمر) هەر لەو شـەوە تا بەیانی خەریکی ئەنجامدانی شـەونوێژ بوو، بەهیچ شـێوەیەک پێموانیە کەوا پاداشتی ئەو شەوەی من کەمتر بێت لە پاداشتی براکەم.

هەروەها (حیوە ابن شریح) لەنـاو مزگەوت خەریکی دەرس وتنەوە بوو دایکی هاتە ناو مزگەوتەوە وتی: هەسـتە و برۆ دانەوێڵە بۆ مریشـکەکان ببە (حیوە) دەرسەکەی راگرت و لە مزگەوت دەرچوو بۆ ئەوەی دانەوێڵە بدات بە مریشکەکان.

لە (عەتای کوری رباح)یشیان پرسی: دایکی کەسێک سوێندی خواردووە کە کورەکەی بێجگە لە نوێژی فەرز هیچ نوێژێکی تر نەکـات و بێجگە لە

رۆژووی رەمەزان  هیچ رۆژوەک نەگرێت، (عەتا) فەرمووی: با بەقسەی دایکی بکات.

کەسێک لە ئیمام (حەسەنی بەسری) پرسی: من پێشتر حەجی واجبم ئەنجامداوە، هەروەها دایکم مۆڵەتی داوە کە حەجی سونەتیش ئەنجام بدەم، ئیمام فەرمووی یەکجار دانیشتن لەگەڵ دایکت باشترە بۆت لە حەجە سوننەتەکە و پاداشتی زیاترە.

کەسێک لە (محمد صالح العثیمین)ی پرسی: کەسێک حەزدەکا لە دەڕۆژی کۆتایی رەمەزان ئیعتیکاف بکات، بەڵام دایک و باوکی پێیان خۆش نیە ئایا چی بکات؟

شێخ فەرمووی: ئیعتیکاف سوننەتە و گوێڕایەڵی دایک و باوک واجبە و سوننەت نابێت ببێتە هۆکار بۆ وازهێنان لە واجب.

لە شێخ (محمد شنقیطی ) موفتی مەدینەی مونەوەرە پرسیار کرا : کەسێک لەماڵەوە خەریکی نوێژی سوننەتە و دەسبەجێ دایکی یان باوکی بانگیان کرد ئایا دەبێت چیبکات؟

شێخ فەرمووی: دەبێت نوێژە سوننەتەکەی بپچڕێنێت و بزانێت ئاخۆ دایک و باوکی چ کارێکیان پێیە، چونکە گوێڕایەڵی دایک و باوک واجبە و لەپێش سوننەتدایە.

پێشـــینەکانی ئێمە گوێڕایەڵی کردنی دایـک و بـاوکیـان بەپێش دیـداری پێغەمبەر (ﷺ) و شـــەونوێژ و ڕۆژووی ســـوننەت و حەجی ســـوننەت و جیهاد و نوێژی ســوننەتەوە خســتوە، ئایا ئەمڕۆ ئێمە گوێرایەڵی دایک و باوکمان بە قوربانی هیچ شتێک کردووە؟

چەند زۆرن ئەوکەسانەی کە بۆ گوێڕایەڵی کردنی دایک و باوکیان دەست لەیاریەکی تۆپی پێ یان زنجیرە فیلمێک یان گەشـــت و گوزار یان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەڵناگرن.

پاشـان بەناردنی پەیامێکی پیرۆزبایی بەناونیشـانی (ڕۆژی دایک یان رۆژی باوک) وادەزانن مافی دایک و باوکیان بەجێهێناوە.

وەک شاعیر دەڵێت:

دەترسم نەگەی بەکەعبەی موسوڵمانان

چونکە ئەورێیەی تۆ دەڕۆی بەرە و تورکستانە

## خاڵی شەشەم: دایک و باوک دوو دەرگای بەهەشتن

(ئیمام احمد) لە موسنەدەکەی خۆی لە (ئەبوو دەرداِئەوە) (رەزای خوای لێبێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: (الوالـدين اوسط ابواب الجنة) واتە: باوک باشترین دەرگای بەهەشتە.

جەند کەس لە ئێمە لەکاتی مامەڵەکردنمان لەگەڵ دایک و باوکمان دا ئەو هەســتە لە ناخماندا دروســت دەبێت کە دەرگایەک لەدەرگاکانی بەهشت بەسەرماندا کراوەتەوە.

کـاتێـک کە دایکی (ئیاســی کوڕی معـاویە) کۆچی دوایی کرد بینیان کە دەگرییێـت، وتیـان ئیـاس بۆچی دەگری؟ فەرمووی: خودا دوو دەرگـای بەهەشتی بەسەرمدا کردبونەوە، ئەمڕۆ یەکێک لەو دەرگایانە داخرا.

لەســەردەمی عومەر(خودا لێی رازی بێت) کەسـێکیان هێنا کە تووشــی تـاوانی کوشــتن ببوو، عومەر (خودای گەورە لێی رازی بێت) فەرمووی: ئەگەر دایکی لەژیاندا مابا و چاکەی لەگەڵدا کردبا هیوام وابوو خودا لەگوناهەکانی خۆشببا و ئاگری جەهەننەمی لەسەر حەڕام کردبا.

(عەتائی کوڕی یەسـار) دەگێڕێتەوە: رۆژێک کەسـێک گەیشـتە خزمەتی (ئیبن عەببـاس) و وتی: ئەی کوڕە مـامی پێغەمبەر(ﷺ) من عـاشــقی کچێـک بووم کە خـانەوادەکەی ڕازی نەبوون بەهـاوســەرگیری ئێمە و

لەکەسێکی تریان مارە کرد، منیش لەبەر غیرەتم کچەکەم کوشت، ئایا خودای گەورە تەوبەم لێ قەبووڵ دەکات؟ ئیبنوو عەباس فەرمووی: ئایا دایکت زیندووە ؟ وتی نەخێر (ابن عەباس) فەرمووی: داوای لێخۆشبوون لە خودا بکە و تا پێت دەکرێت کاری چاکە بکە.

(عتائی کوڕی یەسار) دەڵێت: دوای ئەوەی کە گەنجەکە ڕۆیشت لە (ابن عەباس)م پرسی بۆچی پرسیاری کرد کە ئایا دایکت زیندووە؟ فەرمووی: هیچ کارێکی چاکە ناناسم کە هێندەی چاکەکردن لەگەڵ دایک تاوان ڕەشبکاتەوە.

(ئیمام ئەحمەد) (خودای گەورە لێی رازی بێت) دەفەرموێت: چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوک گوناهە گەورەکانیش ڕەشدەکاتەوە.

## خاڵی حەفتەم:چاوپۆشی کردن بەرامبەر دایک و باوک

خودای گەورە لەکاتی فەرمان کردن بە چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوک دەفەرمـوێـت: ﴿وَٱخۡفِضۡ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحۡمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرٗا ٢٤﴾ [1] واتە: بـاڵی خۆ بـەکـەم زانینیـان بۆ ڕابخـە لـەبـەر بـەزەیی و میهرەبـانیـت پێیـان بڵێ ئـەی پـەروەردگـارم ڕەحمیـان پێ بکـە هـەرچۆنێ ئەوان منیان پەروەردە کرد بە منداڵی.

(ابـن عەبـبـاس) (خـودا لـێـی رازی بێـت) لە تەفســـیری ئەم ئـایەتەدا دەفەرموێت: لەبەرامبەر دایک و باوکتدا کەسـێکی لاواز و بێدەسـهەڵات بەو لەکاتی سەرپەرشتی کردنیان کەسێکی بەهێز و توند بە.

ڕاســـتگۆیی لە خۆبەکەمزانی و چـاوپۆشـــی لەبەرمبەر دایـک و بـاوکـدا ئەوەیە کە مرۆڤ لەبەرامبەریان بە دەنگی بەرز قسە نەکات.

ڕۆژێکیـان (عبـداللـە کوڕی عون) لەلایەن دایکیەوە بـانگکرا (عبـداللـە) بەدەنگی بەرز (واتـا بەرزتر نەک هـاوار) وەڵامی دایەوە، بۆ ئەوەی ئەم هەڵەیەی خۆی قەرەبوو بکاتەوە دوو بەندەی ئازاد کرد!!

---

[1] الإسراء: ٢٤

ئیمام (محمـدی کوڕی ســیرین) لەبەرمبەر دایکی ئەوەنـدە بە بەنزمی قسەی دەکرد کە خەڵک وایان دەزانی  کە قورگی تووشی نەخۆشی بووە.

بەڵگەیەکی تری خۆبەکەمزانی لەبەرامبەر دایک و باوک ئەوەیە کە مرۆڤ لەکاتی رۆیشــتن بەڕێگادا پێشــیان نەکەوێت مەگەر لەکاتی پێویســت نەبێت.

کاتێک کە کووری (عوســمانی کوڕی زەر) مرد لێیان پرســی : کوڕەکەت چۆن چاکەی لەگەڵ تۆدا دەکرد؟ وتی: لەڕۆژدا لەکاتی رۆیشـتن هەرگیز بەپێشـم نەدەکەوت لەشـەویشـدا لەپێشـم دەرۆیشـت نەوەک ئازارێکم پێبگات.

## خاڵی هەشتەم: دیداری ڕۆژانەی دایک و باوک

بەنسبەت دایک و باوک هیچ شتێک لەوە بەنرختر نییە کە هەموو ڕۆژێك چاوی بە منداڵەکانی بکەوێت، بەتایبەت ئەو منداڵانەی دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری لە دایک و باوکیان جیابوونەتەوە، کاریگەری دانیشتن لەگەڵ دایک و باوک ئەگەرچی زۆر کورتیش بێت و لەچەند خولەکێک تێپەر نەکات وەک ئەحواڵپرسیەک بێت لای دایک و باوک لە هەزاران دیاری بەنرخترە.

(ئەبو هورەیرە)(خودا لێی رازی بێت) هەموو بەیانیەک کە لەماڵ دەردەچوو سەرەتا بۆ سەلامکردن سەرێکی لە دایکی دەدا، پاشان دەچوو بۆ کارکردن.

(بیشری حافی) دەڵێت: دانیشتن لەگەڵ دایک و باوک و قسەکردن لەگەڵیان لەلای خودا لە جیهادکردن بەنرخترە.

ئایا لەسەدا چەندمان وا ڕاهاتوین کە هەموو ڕۆژێ پێش ئەوەی بەرە و کارەکانمان بەڕێکەوین بۆ سڵاوکردن و دەست ماچکردن سەردانی دایک و باوکمان بکەین؟ بەو ئومێدەی ئەم کارە ببێتە هۆی بەدەستهێنانی فراوانی و بەرەکەتی رزق و رۆزی.

رۆژانە تـاچەنـد کـاتەکـانمـان لەگەڵ هـاوڕێکـانمـان بەســـەر دەبەین و چەندیش لەگەڵ دایک و باوک؟

ئەگەر بەبێ هۆکار ئەوکاتەی کە لەگەڵ دایک و باوکمان دەبەینە ســـەر کەمـترە لەوکـاتەی کە لەگەڵ هـاوڕێـکـانمـان دەبەیـنە ســـەر ئەوا بە دڵنیـاییەوە ئێمە ســـەرپێچی دایـک و بـاوکمان کردووە و بڵاوکردنەوەی پیرۆزبایی لە رۆژی دایک و باوک نامان پارێزێت لە سزای ئەو گوناهە.

## خاڵی نۆیەم: ماچکردنی دایک و باوک

زۆربەی گەنجان لەکاتی بینینی دایک و باوکیان تەنها بە قسە سەلامێکی لێدەکەن و تەواو و هەندێکی تر تەوقە دەکەن و ماچکردنیان تایبەت کردووە بە بۆنەکانی وەک جەژنی رەمەزان و قوربان ئەمەش خۆی هەڵەیەکی باوە لەناو کۆمەڵگا، بەڵکوو ماچکردنی دەست و نیوچەوانی دایک و باوک لەهەر دیدارێک رێگەپێدراوە جا چ رۆژانە بێت یاخود لە رۆژدا چەند جارێک و تایبەتکردنی بە بۆنەکان هەڵەیەکی گەورەیە.

کاتێک کە هەست بکەی کە هەر ماچکردنێکی دەست و نیوچەوانی دایک و باوک پلەمان لای خودا بەرز دەکاتەوە ئەوا خۆمان لەو پاداشتە گەورەیە بێبەش ناکەین.

## خاڵی دەیەم:دیاری بەخشین بە دایک و باوک

هۆکارێکی تر کە ســەلمێنەری چاکبوونە لەگەڵ دایک و باوک بریتییە لە دیاری بەخشین، لەکاتی دیاری بەخشین دەبێت چەند خالێک لەبەرچاو بگرین:

١- بەخشــینی دیـاری بە دایـک و بـاوک کـاتێکی دیـاریکراوی نیە و تایبەتکردنی بە بۆنەکان ســتەمێکی گەورەیە لە دایک و باوک دەکرێت، بەڵکو دەبێـت مرۆڤ هەوڵبـدات لە رۆژانی جیـاوازدا دیـاری بۆ دایـک و باوکی ببات، گەرچی دیاریەکانیش سادەبن بەگوێرەی توانای کەسەکە.

٢- مرۆڤ هەوڵبدات بەگوێرەی توانای خۆی باشترین دیاریەکان بۆ دایک و بابی دابین بکات، زۆربەی گەنجان لەکاتی کرینی دیاری بۆ هاوژین و هاورێ و ناسیاو باشترین و بەنرخترین دیاریەکان هەڵدەبژێرن، بەڵام لە کـاتی کڕینی دیـاری بۆ دایـک و بـاوکیـان بەدوای هەرزانترین کـاڵاکـان دەگەڕێن، کە ئەمە خۆی نامیهرەبانیە بەرامبەر بە دایک و باوک.

کەســێک لە زاناکانی پێشــین خەریکی کاری گەچکاری بوو، رۆژانە دوو دیناری بەدەســت دەهێنا و دینارێکی تەرخانکردبوو بۆ کڕینی دیاری بۆ دایکی.

## خاڵی یازدەهەم: دوعاکردن بۆ دایک و باوک

یەکێک لەگرینگترین مافەکانی دایک و باوک بریتییە لە دوعاکردن بۆیان

(ئیبن عەبـاس) لەتەفســیری ئـایەتی چواردەی ســورەتی (لقمان) دەفەرمووێـت: هەرکەسـێـک ڕۆژانە پێنج نوێژەکە ئەنجـام بـدات ئەوا شــوکری خودای بەجێگەیاندووە و هەرکەســێک لەدوای پێنج نوێژەکە دوعا بۆ دایک و باوکی بکات ئەوا شوکری دایک و باوکی بەجێگەیاندووە،

دوعاکردن بۆ دایک و باوک لەسیفەتی پێغەمبەرانە.

نوح (علیه السلام) بەمشێوەیە دوعای بۆ دایک و باوکی دەکرد: ﴿رَّبِّ ٱغۡفِرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيَّ وَلِمَن دَخَلَ بَيۡتِيَ مُؤۡمِنٗا وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۖ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا تَبَارَۢا ٢٨﴾ نوح: ٢٨ واتە: ئەی پەروەردگارم خۆش ببە لە خۆم و باوکم و دایکم وە لەو کەسە کە دێتە ماڵم بە بڕوادارییەوە وە لە هەموو پیاوان و ژنانی ئیماندار وە بەشی ستەمکاران زیاد مەکە تیاچوون و لە ناوچوون نەبێ.

سـلیمان (علیه السـلام) بەم شـێوەیە دوعای کرد: ﴿رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيَّ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ يَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡحِسَابُ ٤١﴾ إبراهيم: ٤١ واتە: ئەی پەروەردگارمان لە من و باوکم و دایکم و هەموو بڕواداران ببورەو خۆش ببـە لە ڕۆژێك دا کە لێپرسینەوە دەکرێ و بەرپا ئەبێ.

هەروەها خودای گەورە فەرمانی بە ئێمە کردووە کە بەم شێوەیە دوعا بۆ دایک و باوکمان بکەین: ﴿وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا ﴾ الإسراء:٢٤

واتە: ئەی پەروەردگارم ڕەحمیان پێ بکە هەرچۆنێ ئەوان منیان پەروەردە کرد بە منداڵی.

ئەم دوعایە لە دوای مردنی دایک و باوک گرینگی زیاتر دەبێت، چونکە ئەو دایک و باوکانەی کە لەناو قەبردان زیاتر پێویستیان بە دوعای منداڵەکانیان هەیە.

پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفرموێت: هەرکاتێک مرۆڤ دەمرێت کیتابی کردەوەکانی دەوەستێت بێجگە لە سێ شت یەکێک لەوانە منداڵێکی ساڵحە کە دوعا بۆ دایک و باوکی دەکات.

## خاڵی دوازدەهەم: پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێکانی دایک و باوک

یەکێک لە گرینگترین چاکەکان لەگەڵ دایک و باوک بریتییە لە پەیوەندی هەبوون لەگەڵ دۆستان و نزیکەکانی دایک و باوک

(عەبـدوڵای کوڕی دینـار) دەفەرموێـت: (عەبـدوڵای کوڕی عومەر) لە دەوروبەری مەککە چاوی بە دەشتەکیەک کەوت هەرکە بەیەک گەیشتن لە کەرەکەی دابەزی و دەشتەکیەکەی سواری کەرەکە کرد جامانەکەشی دا بەسـەر سـەری دەشـتەکیەکە بۆ ئەوەی تیشـکی خۆر ئازاری نەدات منیش پێم وت ئەی ئیبنو عومەر ئەم کەسـە دەشـتەکی بوو بە کەمتر لەمەش رازی دەبوو (ئیبنو عومەر) فەرمووی ئەم پیاوە هاوڕێی باوکم بوو، من لە پێغەمبەرم( ﷺ ) گوێ لێبوە فەرموویەتی: (باشترین چاکە ئەوەیە کە مرۆڤ پەیوەندی لەگەڵ دۆستانی باوکیدا نەپچڕێنێت) رواه مسلم.

بەڕاستی چەند کەس لە ئێمە بەم ڕیوایەتە گرانبەهایە کاردەکەین؟

لە سـەدا چەندی خەڵک دوای مردنی دایک و باوکی پەیوەندی لەگەڵ دۆستان و نزیکانی دایک و باوک ناپچڕێنن و بەردەوامی دەکەن و دیاریان پێدەدەن و لەگەڵیان چاکەکارن و هەرکاتێک تووشـی کێشـە دەبن لەبەر خاتری دایک و باوکیان هەوڵدەدەن کێشەکەیان چارەسەر بکەن؟

## خاڵی سیانزەهەم: خێر و چاکەکردن بە نیەتی دایک و باوک

یەکێکی تر لەو کارە چاکانەی کە لەگەڵ دایک و باوک دەکرێت بریتییە لە ســەدەقەکردن بە نیەتی ئەوان، مەبەســت لە خێر و ســەدەقەکردن تەنها بەخشینی پارە نیە.

(رەبیعی کوری خوثەیەم) هەرکاتێت درک و خاشــاکی لەســەر رێگا هەڵدەگرت دەیوت: (ئەمە بەنیەتی دایکم یان ئەوە بە نیەتی باوکم)

ســەدەقە هەموو کارێک لەخۆدەگرێت، هەموو عیبادەتە داراییەکان دەگرێتەوە وەک یارمەتیدانی لێقەوماوان و هەتیوان و دروســتکردنی قوتابخانە و مزگەوت و هتد...

یاخود یارمەتیە دارایی و جەســتەییەکانی تری وەک لادانی هەرشــتێک لەســەر رێگا کە ببێتە هۆی ئازاردانی موســوڵمانان یاخود یارمەتیدانی خەڵک لە گواستنەوەی کاڵاکان.

بەتێفکرین لەو بابەتانەی ســەرەوە هەر یەکێک لە ئێمە دەبێت موحاسبەی نەفسی خۆی بکات.

# ناوەرۆك

پێشەکی: .................................................. ٤
خاڵی یەکەم: واجبە مرۆڤ لەگەڵ دایک و باوکی باش بێت............. ٥
خاڵی دووەم: مافی دایك و باوك............................................ ٦
خاڵی سێیەم:سوپاسگوزاری دایك و باوك................................... ٧
خاڵی چوارەم: مرۆڤ مولکی دایك و باوکیەتی............................ ٨
خاڵی پێنجەم:گوێرایەلی کردنی دایك و باوك............................. ٩
خاڵی شەشەم: دایک و باوک دوو دەرگای بەهەشتن. .................. ١٤
خاڵی حەفتەم:چاوپۆشی کردن بەرامبەر دایک و باوک.................. ١٦
خاڵی هەشتەم: دیداری رۆژانەی دایک و باوک ........................ ١٨
خاڵی نۆیەم: ماچکردنی دایک و باوک ................................ ٢٠
خاڵی دەیەم:دیاری بەخشین بە دایک و باوک ......................... ٢١
خاڵی یازدەهەم: دوعاکردن بۆ دایک و باوک........................... ٢٢
خاڵی دوازدەهەم: پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێکانی دایک و باوک .................. ٢٤
خاڵی سیانزەهەم: خێر و چاکەکردن بە نیەتی دایک و باوک ................................. ٢٥